كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەورووپا 22:55 30-10-2007

## تێڕوانینێكی گەشبینانە و جیاواز لە كێشە هەنووكەییەكەی توركیا و كورد! ... خالد مستەفا

گەلۆ، دەزانن ئەمڕۆ 2007/10/29 ە و گونجاو نیە بە پێوەری سەد ساڵێك لەمەوبەر شتەكان لێكبدەینەوە و بپێوین. با پێش ئەوەی بچمە ناو قسەكردن لە كێشە هەنووكەییەكەی توركیا و كورد یان با بڵێین توركیا و باڵێكی ناو پارتی هەندێك نهێنی ڕۆژانی 31 ی ئابی 1996 باس بكەم. چەند مانگێكی زۆر پێش ئەو ڕۆژە و كاتێك من لە ڕێكخراوی ئەو كەسەی كە بەریتانیا بە نوێنەری خۆی دەزانی لە كوردستاندا (ڕێكخەری نەتەوە یەككگرتووەكان لە باكوری عێراق و ڕێكخەری یونیسێف) كارم دەكرد. وەك عادەتی ڕۆژانەی، ڕێكخەر خۆی كرد بە ژوورەكەماندا، ئەو ژوورەی من و بەرپرسی كارگێڕی یونیسێف كارمان تیا دەكرد كە ئەویش ئینگلیز بوو، ووتی: پێیان ووتووین كە ناكرێت ئەم شێوەی پەنجا بە پەنجایەی حوكم لە نێوان یەكێتی و پارتیدا بەردەوام بێت و دەبێت گۆڕانكاری بەسەردا بێت. دەبێت كارێك بكرێت هەر یەكێك لەم دوو حیزبە دوو شار و نزیكەی نیوەی دانیشتوان و نیوەی ناوچەكە بەڕێوە بەرێت و هەر یەكەیان بە جیا ناوچەی خۆی بەڕێوە بەرێت و مونافەسەیەكی ئاشتیانە لە نێوانیاندا دروست بكرێت بۆ خزمەتكرنی خەڵك. ئەوەی پێشنیاریان كردووە ئەوەیە كە یان هەندێك ناوچەی موسڵ (یان موسڵ) دەبێت دەستی بە سەردا بگیرێت و بدرێتە پارتی هەتا دوو شاری بەدەستەوە بێت و یەكێتیش هەولێر و سلێمانی بەدەستەوە بێت و یانیش یەكێتی لە هەولێر دەربكرێت و بدرێتە دەست پارتی و هەندێك ناوچەی كەركوك (یان كەركوك) و سلێمانی بدرێتە دەست یەكێتی و لەو شارە تازەیەشدا دەبێت هەموو ڕێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان ئۆفیسیان هەبێت و هانی ڕێكخراوە نا حكومیەكانی تریش بدرێت هەتا كاری تیا بكەن و ئەو هەستە بدەنە حیزبەكە كە دوو شاری تەواوی بەدەستەوەیە و هەر گلەییەكی كرد پێی بووترێت فەرموو خزمەتی خەڵك بكە، تۆش وەك ئەو دوو شار و نیوەی دانیشتوان و زەویەكەت هەیە. من لەویا خۆم تێهەڵقورتاند و ووتم من زۆر شارەزاییم هەیە لە موسڵ و لەوێ خوێندومە، دەتوانم ئۆفیسی ئەوێ بەڕێوەبەرم، موسڵ شارێكی زۆر خۆشە بەڕای من با بچین بۆ موسڵ! بە پێكەنین و خۆپیشاندانێكی تورەییەوە و پەنجە هەڵبرینەوە ووتی، تۆ هەر لەسەر ئەو كورسی و مێزە ئیش دەكەیت و ناچیت بۆ هیچ شوێنێك، ئەم قسەیەش نەچێتە دەرەوە لەم ژوورە. لە 31 ی ئابدا كە ئێمە ئۆقرەمان لێبڕابوو و واماندەزانی حكومەتی عێراق دەمانفڕێنێت بۆ بەغدا هەمیشە ئارامی دەكردینەوە و دەیوت بەڵێنیان داوینەتی كەس توخنی نەتەوەیەكگرتووەكان ناكەوێت. هاوڕێیەكمان دەیگێڕایەوە كە هەر لەو ڕۆژەدا بە ڕێكخەریان ووتبوو وا پارتی گەیشتە بەنداوی دوكان و شاری سلێمانی و كاكی ڕێكخەر ووتبووی شتی وا نابێت، نابێت پارتی لە هەیبەت سوڵتان ئاودیوبێت و دەیووت پێی دەووتم تۆ برۆ هەموو دوو سەعات جارێك نەخشەیەكم بۆ چاپ بكە و تیایدا دەستنیشانی بكە هەر حیزبە و چەندی ناوچەكەی بە دەستەوەیە. دواتر بۆمان ڕوونبووە وە كە وڵاتانی ئەمەریكا و ئەورووپی نەیاندەویست لە بوجەی خۆیان یارمەتی ڕێكخراوەكان بدەن و داوایان دەكرد هەندێك نەوتی عێراق بفرۆشرێت و پێداویستیە سەرەكیەكانی خەڵكی پێبكڕدرێت و كردەوەكانی 31 ی ئابیش گۆڕانكاریەكی پێویست بوو تا زەمینەیەكی لەبار بۆ بەرنامەی خواردن بەرامبەر نەوت برەخسێنرێت و بە ئاسانی و بێ گیروگرفت لە كوردستانیشدا بەڕێوەبچێت، كە نەتەوە یەكگرتووەكان بەرپرسی بەڕێوەبردنی بوو، واتا هەتا هەردوو حیزب وەك مونافسی یەكتری هاوكاری نەتەوە یەكگرتووەكان بكەن و نەبنە كۆسپ و حكومەتی مەركەزی گلەیی نەكات.

هەمان ڕێكخەری نەتەوە یەككگرتووەكان، كە ئێستا لەژێرگڵدایە، لە دەرفەتێكی تردا لە ساڵی 1995 دا ووتی لانی كەم هەتا ساڵی 2000 و هەتا سەدام لەسەر حوكم بێت ئابلوقە لەسەر عێراق هەر دەبێت. لە گەشتێكمدا بۆ ئەردەن من و ژنە شاعیرێكی عێراقی كە مەلیك حسین وەك ڕێزلێنانێك بۆی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پاسپۆرتی ئەردەنی دابویێ و زۆری تکا لێکردم کە چی دەزانم دەربارەی لابردنی ئابلوقە ئابوریەکە پێی بلێم، ئەو قسەیەم پێووت و ئەویش پاش هەناسەیەکی قوڵ ووتی منیش هەر وای بۆ دەچم.

ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ئەم جۆرە کردەوانە گەمەی نێودەوڵەتین و هیچ کام لە مام جەلال و کاك کۆسرەت لە 31 ی ئابدا، هەرچەندە پەیوەندیشیان بە بەریتانیاوە هەبوو، ئاگایان لێنەبوو و کاتێك زانیان بەرە لەژێرپێیاندا راکێشراوە و دەبێت خۆشبەخت بن کە لەو رۆژەدا نەگیران و نەکەوتنە دەست چەند چەکدارێکی نەزان و پاش کوشتنیان زەماوەند لەسەر لاشەکانیان بکەن!

من ئەم رووداوانەی ئەمڕۆش بە هەمان شێوە دەبینم، بەڕای من سوپای تورکیا دێتە کوردستان و بەرەو موسڵ و تکریتیش دەچێت و ئەم سودانەی بۆ سیاسەتی ئەمەریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵتی دەبێت:

- شەڕی تیرۆر لەجیاتی ئەمەریکا دەکات لە عێراقدا و تازە شەقامی تورکی قەناعەتی پێهێنراوە کە ئەگەر سوپای تورك بچێتە بەسرا و بڵێت پەککەی لێیە رازییە. ئەمە لە کاتێکدا تورکەکان رازی نەدەبوون ئەمەریکا وڵاتەکەشیان بەکاربهێنێت بۆ هێرش کردنە سەر عێراق. دەنا وەك دەڵێن 500 چەکداری پەککە 100 هەزار سەربازی بۆ چیە؟ دەبێت لە ماوەیەکی کورتدا سوپای ئەمەریکا لە عێراق بچێتە دەرەوە و بگرە جۆرە سەرکەتنێکیش بەدەست بهێنێت کە هیچ نەبێت هەتا پاش هەڵبژاردنەکەی سەرۆکی ئەمەریکا لە ساڵی داهاتوودا بەردەوام بێت، دەنا کۆمارییەکان هیچ چانسێکی بردنەوەی هەڵبژاردنەکەی سەرۆکیان نابێت لە مانگی 11 ی 2008 دا! ئیتر ئەمەریکا شەڕی بە ناو دژە تیرۆر بە رۆکێت و هەواڵگیری و پارە دەکات و ناتوانێت رۆڵەکانی خۆی زیاتر بکاتە قوربانی. ئەم هاتنەی سوپای تورکیا هەمان چوونی سوپای ئەسیوبیایە بۆ سۆماڵ. خۆ ئەگەر ئەمەریکا بیویستایە پەککە نەهێلێت هەر بە رۆکێت چی بەسەر ناوچەی هەوراماندا هێنا لە وادەی روخاندنی سەدامدا وای لە قەندیلیش دەکرد!
- سەردەمی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەرچوو و لە سایەی حوکمی سەردەمدا هەرنەتەوەیەك دەتوانێت تەواوی مافەکانی خۆی بەرجەستەبکات لە نیشتمانێکی فرەنەتەوەییدا و هاتنی سوپای تورکیا بۆ ئەوەیە ئالاکانی کوردستان لە ناوچەی ژێردەستی پارتیدا داگرێت و پاش ماوەیەك دەتوانرێت ئالایەکی تری هەرێم یان شار هەڵبکرێت لە پاڵ ئالای عێراقدا کە هیچ مانایەکی ناخۆش نەگەیێنێت بۆ تورکمان و ئاشوری و کلدانی و هتد.
- نە هێشتنی پرسی مادەی 140 و عێراق بکرێتە وڵاتێك بۆ هەمووان.
- حوکمی نێچیرڤان سەرکەوتنێکی تا رادەیەك باشی وەدەست هێناوە و هیوایەکی بۆ خەڵکی دروست کردووە و تەنها لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی دوو حیزبەکە رێککەوتوون کە کابرا دوو ساڵ حوکم بکات ناکرێت ئەو دەسەڵاتە لەباربیرێت و بە هاتنی تورك دەتوانێت بەردەوام بێت. بێگومان نێچیر هەموو گۆڕانکارییەکی قبوڵە و هەوڵی بەردەوامی هەیە بۆ دامەزراندنی کەسانی تەکنۆکرات کە ویستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە. هەندێك گەندەڵیش کە گرنگترینیان قۆرخکردنی چەند لایەنێکی گرنگی ئابوری و پێکهێنانی سەرمایەیەکی زۆرە، کە شەخسی نێچیر بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە حیزبەکەیدا دەیکات، دەکرێت بە یەك رۆژ نەیانهێڵێت کاتێك کۆمەڵگای نێودەوڵەتی داوای لێکرد.
- لە هەر یەك لەو دوو حیزبەدا چەندین سەرکردەی کوتلەچی یان خۆویست یان گەندەڵ یان داوێنپیس یان رێگر لەبەردەم ریفۆرمی تەواودا هەیە کە بوون بە نوێنەری خراپی ئەو جۆرە حوکمە دیموکراتیەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەیەوێت پەیڕەو بکرێت لەم ناوچەیەدا. وا دە ساڵ زیاترە پلانێك هەیە بۆ دوورخستنەوەی ئەو کەسایەتیانە لە هەردوو حیزبدا بە جۆرێك کە ببرێنە دەرەوەی ئەم وڵاتە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و ژیانێکی چاکیان بۆ دابینبکرێت و بەمەش ئەوانیش و ئەم میللەتەش ئیسراحەت دەکەن. ئینجا ئایا سوپای تورکی ڕاویان دەکات و لە تورکیا دەیانهێڵێتەوە یان دەبرێنە کوێ، نازانم؟

- مانەوەی مام جەلال لە پۆستی سەرۆك کۆماریدا مایەی ناڕەحەتیە بۆ ئەمەریکا و دەکرێت ئەو کابرایە لە ژێر فشاری سوپای تورکدا ئیستیقالەی پێبکرێت و ببرێت بۆ تورکیا و بڵێن وەك وویستت فەرموو ئەمە کاغەز و قەڵەم و بیرەوەریەکانت بنووسەرەوە. ئەو پۆستە دەبێت بدرێتە عەرەبێکی سوننە هەتا بەشداریان پێبکرێت لە پڕۆسەی سیاسیدا لە عێراقدا و ئاشتەوایی نیشتمانی تەواو دەستپێبکات.
- ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان خراپە و زیاتر لە 60% ی زیندانیەکان بێئەوەی برابنە بەردەم حاکمێکی بێلایەنی دادپەروەر بۆ ماوەیەکی درێژ لە زینداندان و بێ ئیمزای کەسانێکی بێبەزەیی و عەنید بەرنابن. سەیر لەوەدایە کاتێك پاش ماوەیەکی زۆر لە زینداندا بەردەبن نێچیرڤان قەرەبویان دەکاتەوە بە پێدانی پارە یان پارچە زەوی و بەم شێوەیە داوای لێبوردنیان لێدەکات، بەو مانایەی پێان دەڵێت لەگەڵ گرتنی ئێوە نەبووم بەو شێوەیە بەڵام هیچم پێناکرێت چونکە ئەو بڕیارە بەدەست خەتێکی تری حیزبزکەمانەوەیە نەك من. بەردەوامی ئەم جۆرە ڕەفتارانە کارێکی نەویستراو و قێزەونە لە ئەوروپا و ئەمەریکا و لەوانەیە ببێتەهۆی دادگاییکردنی سەرۆکی ئەو وڵاتانە لە داهاتویەکی دوردا ئەگەر پاش مردنیشیان بێت. وا چاوەڕواندەکرێت بە هاتنی سوپای تورك ئەو دەسەڵاتە حیزبیە نەمێنێت و جڵەوی کارەکە بکەوێتەوە دەست سەرۆکی حکومەت.

کەواتە بە هاشوهوشی میدیاکان هەڵمەخەڵەتی و ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی (یان با بڵێین ئەمەریکا و بەریتانیا) وایان دانابوو سوپای تورك بێتە هەرێم و عێراقەوە هەر دێت و نەگبەت ئەوەیە لەو شەڕەدا تیادەچێت.

ئینجا دەوترێت هەموو شەڕێك موفاجەئەی چاوەڕواننەکراوی تیایە، ئایا بەزمی قاعیدە و سوپای تورك لە داهاتوودا چۆن دەبێت دەبێت وازی لێبێنین ڕۆژگار شتێکمان پێبڵێت لە سەری.

ڕوی خۆشم دەکەمە کاك مەسعود بارزانی و دەڵێم بەڕای من ئەوەندە چاوپێکەوتن مەکە لەگەڵ کەناڵەکانی میدیاکاندا با سبەینی پاش شکاندنی سوپاکەت (کە بەداخەوە نیمانە) وەك سەحاف گاڵتە بە قسەکانت نەکرێت و ئەگەر ڕاوێژکارە بەریتانی و ئەمەریکیەکان ووتیان:

for your won safety we recommend that you follow us" ،"Your Excellency

"جەنابی سەرۆك لەپێناوی سەلامەتیتان پێمان باشە لەگەڵ ئێمە بێن تا لە شوێنێکی تایبەتدا بتانپارێزین" بچۆ لەگەڵیاندا و پاش چەند ساڵێکی تر سەردانی کوردستانێکی باشتر و خەڵکێکی مورتاحتر دەکەیت. لە کاتێکدا ئەم قسەیە دەنووسم ڕێزی تایبەتم هەیە بۆ بەڕێزتان، باوەڕ بکە.

خالد مستەفا
khalid1968@gmail. com
29/10/2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.